

# بڕیارێکی هەڵە لە شەوی بە زاوابووندا




گوڵان
ژمارە (٧٤٥)
٢٠٠٩/٨/١٧


لەناوەوەی هۆڵی دادگادا، دەستەی دادگا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە دۆسییەی خۆ کوشتنی (هەڵگورد)ی تەمەن (٣٠)ساڵە بۆ زانین یا گەیشتن بە حەقیقەتی خۆکوشتنی ئەو گەنجە لە شەوێکی وەك یەکەم شەوی بە زاوابووندا، دەرەوەی هۆڵی دادگاش جمەی دەهات لە کەسوکاری (هەڵگورد) و کەسوکاری (تاڤگە)ی خێزانی (هەڵگورد) و بە نیگەرانی و دڵەراوکێییەوە چاوەڕێی بڕیاری دادگایان دەکرد. جارجارە باوکی (تاڤگە) بە کەسوکارەکەی دەگوت، بە خودا ئەگەر تاڤگەی کچمان شتێکی کردبایە ئێستا لەمێژبوو دادگا دەیگوت ئەوە بکوژی مێردەکەیەتی و ئەوەش بڕیاری سزادانی، بەڵام وەکو رۆژی رووناك دڵنیام کچە بەستەزمانەکەمان چ گوناهێکی نییە و هیچی نەکردووە.

ئەمان لەلایەك دڵی خۆیان دەدایەوە، کەسوکاری (هەڵگورد)یش لەولاوە دەیانگوت، باشە ئەو شەوە تەنیا ئەوان بەیەکەوە بوونە، ئاخر ئەگەر شتێك نەبووبێت کوڕەکەمان کە تازە عومریەتی چۆن چۆنی دەستی دەچێتە گیانی خۆی و بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانە ئارامەکەی خۆی دەهێنێ، لەو قسانەدا بوون (ئامینە) خانی دایکی (هەڵگورد) بە هەنسکی گریانەوە رووی لە حەشاماتەکەی خۆیان کرد و گوتی: وەی چاوی دایکت کوێر بێ رۆڵە ئاخر بۆ بێ سووچ و گوناه خرایتە ژێر گڵ، خۆ چ تاوانێکت نەکردبوو، چ زەرەری کەست نەبوو، بەخوا چۆن دەزانم خوا بە هەقە ئەوهاش دەزانم ئەو کچەتیوە دەستی تێدایە و بەهەر جۆرێك بێت شتێکی لە بن سەردابووە. ئەو خەریك بوو درێژە بەو قسانە بدات کە (تەها)ی مێردی و (تەحسین)ی کوڕی پێیان بڕییەوە و گوتیان: بەسە ئەو قسانە ئەوەندە مەڵێوە کێ دەڵێ ئەو کچە دەستی لەو کارەدا هەبووە؟ تا بەڵگەیەك پەیدا نەبێ تا دادگا بڕیار نەدا بە هەبوونی پەیوەندی ئەو کچە هەر بێ گوناه دەمێنێتەوە، سەبر بگرە با کەس لەو ناوە بەو ئاگرە نەسووتێ و لە هیچ و خۆڕایش تووشی کێشە نەبین.. ئەوان لەو قسانەدابوون کە رێپێدراوی پۆلیسی دادگا بانگی (تەها)ی باوکی (هەڵگورد)ی کرد، پاش ئەوەی ناسنامەکەیان لێوەرگرت و هەندێ پرسیاریان لێکرد ئینجا گوتەیان وەرگرت و دادگا داوای لێکرد بەشێوەیەکی پوخت رووداوەکە بگێڕێتەوە کە چۆن بووە، ئەویش گوتی: وەڵڵا جەنابی حاکم ئێمە ئاگامان لە شێوە و چۆنییەتی خۆکوشتنەکەی نەبووە و نییە، ئەوەندە هەیە دەوری کاتژمێر (١٢)ی شەو بوو، کە تەلەفۆنمان بۆ کراو گوتیان لە فلانە هوتێلەوە تەلەفۆنتان بۆ دەکەین و وەرن رووداوێکی خۆکوشتن روویداوە، ئێمەش چووین لەوێ زانیمان کە (هەڵگورد)ی کوڕمان گوایە لەناو گەرماوی ئەو ژوورەی کە لە هوتێل بە کرێیان گرتبوو گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە و خۆی کوشتووە، وەختێك چووینە ژوورەکەیان وابوو گوللەیەك بەلاجانگی کەوتبوو، رووبەری گەرماوەکەش هەمووی خوێن بوو، بووکەکەشمان بە جلی خەوتن بوو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو دەگریا و جارجارەش لە خۆی دەدا و خۆی دەڕنییەوە.. پاش تەواوبوونی قسەکانی ئەو، بانگی دایکی (هەڵگورد) کرا ئەویش بە هەمووان شێوە قسەی خۆی کرد کە شتێکی وای لە هی مێردەکەی جیاواز نەبوو. ئینجا دوای خوێندنەوەی راپۆرتی پزیشکی دادوەری، ئینجا دادگا داوای لە پزیشکی دادوەری پسپۆر کرد کە بیروبۆچوون و شارەزایی پزیشکی خۆی لەمەڕ چۆنییەتی مردنی (هەڵگورد) روون بکاتەوە، ئەوە بوو ئەویش بەم شێوەیە وەسفی مردنەکەی یا خۆکوشتنەکەی کرد و گوتی: ئەو کوژراوە گوللەیەکی لە

مێشکی دراوە و پرژاوە و یەکسەر مردووە، برینەکەی گەورە و کاریگەر بووە و ئەو جێیەی کە گوللەکەشی پێکەوتووە هەر کاریگەر و هەستیار و گرنگ بووە کە مێشکە. کابرا هیچ شوێنەوارێکی وەهای لەسەر جەستەدا نەبووە نیشانی بدات توندوتیژی لە بەرامبەردا بەکارهاتبێت،یا لە پشتەوەڕا لێی درابێت، یا هەر شتێکی تر کە نیشانی بدات مردبێ بە مادەیەکی ژەهراوی ئینجا کوژرا بێت. بۆیە ئەو کەسە بەخۆی خۆی کوشتووە.. دوای تەواوبوونی وتەکانی پزیشکە شارەزاکە هەموو ئەو نووسراو و لێکۆڵینەوانەی کە کرابوون دەریاندەخست کەوا (هەڵگورد) بەخۆی خۆی کوشتبێت. ئینجا نۆرەی (تاقگە) هات کە قسەی خۆی بکات و رووداوەکە و هۆیەکەی بگێڕێتەوە. (تاقگە) نزیکەی دە رۆژێك لە بەندیخانە لە ژێر لێکۆڵینەوەدا مابۆوە و بەدەستەبەری ئازاد کرابوو، بۆ ئەم، ئەو رۆژە زۆر گرنگ بوو، چونکە پێشتر هەتا بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کرابوو چەندین جار لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرابوو، پاشانیش هەر کاتێك دادگا پێویستی پێی هەبووبێ چ جار پێیان راگەیاندبوو کە ئامادە بێت ئەویش ئامادەی لێکۆڵینەوەکان دەبوو، ئیتر دانیشتنی ئەمجارەی دادگاییکردنەکەی وەکو پارێزەرەکەشی گوتبووی، دوا دانیشتن دەبێت و بە دەرکردنی بریاری کۆتایی لەسەر کێشەکە دەبڕێتەوە. بۆیە چرکردنەوەی قسەکانی و ئاشکرا کردنی هۆی راستەقینەی خۆکوشتنەکە، زۆر پێویست و گرنگ بوو.. جا کە دادگا رێگەی دا قسەی خۆی بکات، (تاقگە) بەمشێوەیە رووداوەکەی باس کرد و گوتی: کە (هەڵگورد) داخوازیکردم دوای شەش مانگان ئینجا بڕیاریدا بمگوازێتەوە، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا چەند جارێك دەیویست شتێکم پێ بڵێت، بەڵام کە دەیویست بیڵێ و بەسەر زاری دابێت یەکسەر پەشیمان دەبۆوە و نکوڵی لە گوتنەکەی دەکرد، سەرم سوڕمابوو، بۆچی ئەوەندە دوو دڵ بوو لە گوتنی شتێك و لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە بە بایەخ بوو لای. جار جارە دیگوت کێشەکەم حاڵەتێکی تەندروستییە و چوومەتە لای پزیشك ئەگەر چاك بوومەوە، پێت دەڵێم چییە، منیش هەندێجار زۆر نیگەران دەبووم و دەمگووت: دەبێ نەخۆشی شێرپەنجەی نەبووبێت، بەڵام جارێکیان بەخۆی باسی کرد و گوتی: حاڵەتە تەندروستییەکەم زۆر ترسناك نییە بۆ نموونە وا لێك نەدەیتەوە و بڵێی لەوانەیە شێرپەنجەی هەبێت، حاڵەتەکەم دەروونییە و چاك دەبێتەوە. بەههر حاڵ هەر نەیگوت کە زانیم وەدرەنگ خستنی رێورەسمی ژن گواستنەوەکەش هەر پەیوەندی بەم شتەوە هەیە، بەراستی زۆر قەهری بەو کێشەیە دەخوارد. بە خۆی کارمەندی پۆلیس بوو، کەسێکی هێمن و رەفتار لەسەرەخۆ بوو. بەڵام زۆر بێ زەوق و سەلیقەش بوو، بێ زەوقییەکەی لەوەدابوو، گاڵتە و گەپی هێندە نەدەکرد و گەنجێتی نەدەکرد، بەڵام زیانی بۆ کەس نەبوو، زۆرم پێ خۆش بوو کە کەسایەتییەکی هێمنی هەیە، بەڵام لە ماوەی ئەو شەش مانگەی دەزگیرانیماندا هەستم نەدەکرد کە دەستگیرانمە، بەڵکو دوو هاوڕێی ئاساییین. دواجار بریار لەسەر دیاریکردنی رۆژی ئاهەنگی گواستنەوەکە درا، ئیتر رۆژەکە دەستکرا بەخۆشی و شایی و زەماوەند و ئاهەنگگێران تا نزیکی شەو، پاشان وەکو رێکخرابوو ژوورێکیان بۆ گرتبووین لە هوتێلێك، دوای نانخواردن چووینە ئەو ژوورەی کە بۆ پشوودانمان دانرابوو، جلوبەرگی ئاهەنگمان گۆڕی و جلوبەرگی خەوتنمان لەبەرکرد، نزیکەی کاتژمێرێك دانیشتین قسەمان دەکرد، دەیویست شتێك بڵێ بەڵام نەیدەگوت، پاشان وازی هێنا لە گوتنی شتەکە وەکو زاوایەك لێم هاتە پێشەوە، پاش چەند خولەکێك زانیم کێشەکەی چییە، کێشەکەی ئەوە بوو نەیدەتوانی بە زاوا بێت و زۆرمان هەوڵدا بێ سوود بوو، رەنگ و رووی بەتەواوەتی تێکچوو. کاتێك زانی کاتژمێر یانزە و نیو لای داوە و ئێمەش هەر خەریکی ئەو کێشەیەن، من زۆرم هەوڵ لەگەڵیدا کە شتێکی ئەوتۆ نییە دەتوانرێ لای پزیشك چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەو دڵنیا نەدەبوو، ئارام نەدەبۆوە، کە شتەکەی ئاشکرا بوو زۆر زۆر بەسەرخۆیدا شکابۆوە و دەیگوت: ئەوە تۆ رازی بوویت بەم وەزعەی ئێستای من ئەی کەسوکاری هەردوولا چ دەڵێن؟ ناپرسن کە بۆچی بە زاوا نەبوویمە؟ پاش ماوەیەکی تر ناڵێن ئەی بۆ سکت نییە؟ بە کورتی لە گفتوگۆش بێ ئومێد بوو، گوتی: تەنیا یەك چارەسەر هەیە لەم گرفتە رزگارم بکات کە تێیکەوتوومە و لە خۆڕایش خۆم تووش کرد، گوتم چییە؟ گوتی: بەخۆم دەزانم. تۆ واز بێنە ئەمشەو بخەوە بەیانی خوا کەریمە، منیش چیدی گفتوگۆم لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ نەکرد گوتم: با هەست بە فشار نەکات و بە ئارەزووی خۆی بێت، لەسەر سیسەمەکە پاڵ کەوتم و هەر ئەوەندەم پێگوت: هەڵگورد ئەو کێشەیە لای من هیچ بایەخێکی نییە کە تۆ وا گەورەت کردووە. چ رێگە چارەیەکیش بە باش دەزانی من لەگەڵتم بەو مەرجەی شیرازەی هاوسەرێتیمان تێکنەچێ، کە ئەو قسەیەم کرد چاوی پڕ گریان بوو رۆیشتە گەرماوەکە، پێم گوت: تۆزێك پشوو دەدەم و سەرخەوێك دەشکێنم تۆش وەرە بۆخۆت پاڵکەوە بخەوە، گوتی: تۆ بۆخۆت بخەوە من دوایی دێم، جارێ خۆم دەشۆم، ئیتر من نەمزانی کەی و چەند و چۆن خەوم لێکەوت، تەنیا ئەوەندەم لەبیرە بە دەنگی تەقەیەکی بەهێز راچەنیم و وەکو شێتان قیت بوومەوە، چاوم گێڕا بەملاوبەولا گوتم: خودایە ئەو تەقەیە چی بوو کە سەیری لای تەنیشت خۆم کرد، بەو ئومێدەی (هەڵگورد) هەڵسێنم و بڵێم هەستە ئەو تەقەیە چی بوو، کەچی لەسەر سیسەمەکە نەبوو، ئەوە بوو یەکسەر ترسێك لە ناو دڵم دروستبوو، سەیری کاتژمێرم کرد دەوری دوانزە بوو، واتە نیو کاتژمێرێك بوو چاوم چوو بووە خەو. رامکردە گەرماوەکە، دیتم گۆمە خوێنێکی گەورە کۆبۆتەوە زانیم کار لە کار ترازاوە.

جەنابی حاکم هۆی خۆکوشتنی (هەڵگورد) ئەوەبوو، ئەگەر شتێکی تری نەبووبێت، ئەو قسانەم لە لێکۆڵینەوەکانی تر نەگوتبوو چونکە پێم شەرم بوو، بەڵام بۆ ئەوەی من لە هیچ و خۆڕایی تاوانبار نەکرێم بە تاوانێك کە نەکردوومە و نە دەشیکەم، ئەو درۆژش کە گیرام بە خوا بە خۆڕایی بوو، بەڵام مادام بۆ دەرخستنی راستی بووە قەیدیناکا سوێم لێ نییە، ئەوە وتەکانمە و لەوەش زیاتر هیچی ترم نییە.

### کۆتایی هاتن بە کێشەکە

لێکۆڵینەوەی دادگا لە هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەست دابوون، پتر لە دوو کاتژمێری تری خایاند، بەڵام بۆ دواجار گەیشتنە دەرەنجامێکی کۆتایی دڵنیاکەرەوە و حوکمیاندا بەوەی لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر تاوانبارێتی (تاقگە) لە کێشەی خۆکوشتنی (هەڵگورد) دا، دادگا بڕیاری ئازادکردنی دا و کێشەکە کۆتایی پێهات.

کە هاتە دەرەوە دایك و باوکی ماچیان کرد و خەزووریشی لێی چووە پێشەوە ماچی کرد و گوتی: کچم لە هەر قسەیەك کە پێشتر کردبوومان بمانبوورە، بەمجۆرە کێشەی خۆ کوشتنی (هەڵگورد) برایەوە و دادگا قەناعەتی تەواوی بووە هات کە (تاقگە) هیچ دەستێکی تێدا نەبووە.

**هیچ گرفتێك نییە چارەسەری نەبێت، گرنگ ئەوەیە چۆن بۆ چارەسەری هەنگاو دەنێین و رێگەی هەڵە ناگرینە بەر، چونکە بریاری هەڵە جگە لە تۆخکردنی کێشەکان هیچ سوودێکی دیکە ناگەیەنێ لێکۆڵینەوەکانی دادگا**

# چارەسەر لە کوێیە

> دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆچارەسەرکردنی کێشەکان کاری توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانە بەپلەی یەکەم و بەپلەی دووەمیش کاری راگەیاندنە بۆ گەیاندنی ئەو گرفتە بەتوێژەری یان هەر لایەنێکی پەیوەنـداری دیکە، تا ئەو گرفتەی ئەو تاکـە پێوەی دەناڵێنێـت رزگاری بکات لەدەرهاویشتە خراپەکان، ئاکۆ گەنجێکی زۆر وشیارە لەوەی کەناهێڵێت هەنگاوی خراپ بنێت بەڵکو بیـری لەوەکردۆتەوە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەستی بگرێت تاچارەیەك بۆ کێشـەکەی بکات، کاتێك ئاکـۆ پەیوەندی پێوەکـردم گوتی تاکە دەرگا لێی دەدەم گۆڤاری (گـولان)ە، بۆئەوەی بتوانن ئـەو حاڵەتە دەروونیەی تووشی بووم زاڵ بم بەسەریدا، لەسەرەتادا گوێ بیسـتی ئاکۆ بووین لەگێڕنەوەی کێشەکەیدا کە دەڵێت:

ئا: ناسك سەعید سلێمانی



مـن کـوڕی خێزانێکـی دەوڵەمەندم هەمیشـە دایـك وباوکـم وەك هـاوڕێ مامەڵەیان لەگـەڵ کردووم، هەرگیز بیرم نایەت ئـارەزووی شـتێکم کردبێت بۆیان جێبەجێ نەکردبێتم هەمـوو قۆناغەکانی خوێندنـم بەسـەرکەوتوویی بەکۆتـا گەیاندووە،بەڵام ئەو کەسـەی هاتە ژیانم و هەمـوو ژیانمی گـۆڕی (ژینۆ)بوو، ژینـۆ کچێکی شـۆخ و شـەنگ بوو، بەهۆی باوکیەوە یەکترمان ناسـی،باوکی ژینۆ مامۆستای ئینگلیزی بوو لەپۆلی شەشـی ئامادەییـدا وەك مامۆسـتای تایبەتی وانـەی ئینگلیزی پێدەگوتمەوە. رۆژانە یان باوکی ژینۆ دەهات بۆ ماڵمان یان من دەچووم بـۆ ماڵیان، لەئەنجامی ئەم هاتوچۆیەدا کە دەچوومە ماڵی ژینۆ (ژینۆ)م ناسـی، ژینۆ زۆر گرنگی پێ دەدام، راسـتییەکەی حەزم دەکرد هەموو رۆژێك بچـم بۆ ماڵیان نەك باوکی ژینۆ بێت بۆ ماڵمان، ئەم یەکترناسینە فراوانتر بـوو، بەهۆی ژینـۆوە پەیوەندیم لەگەڵ باوکیدا وەك هاوڕێ لێکرد تەنانەت لەدوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان هەرهاتوچۆی ماڵیانم دەکرد.

ئـەم یەکتـر ناسـینە و پەیوەندییـە هەربـەردەوام بوو تا زانکۆشـم تەواو کرد و تەنانەت وەك مامۆسـتا کەداشمەزرام، لەهەمـان کاتـدا ژینـۆ پەیمانـگای پێگەیاندنـی مامۆسـتایانی تەواوکرد. پەیوەندی نێوانمان نزیکەی (٧)ساڵ بوو، ماڵەوەمان بەردەوام هانیان دەدام پرۆسەی هاوسەرگیری پێك بهێنم.

منیـش هیچ رێگریەکـم نەبوو بۆ ئەم پرۆسـەیە، بۆیە لەگەڵ ژینۆدا قسەم کرد و پێم گوت ماڵەوە بـاس لەوە دەکەن من بیر لە مەسـەلەیەکی لەو جۆرە بکەمەوە ژینۆش زۆر پێی خۆش بوو رازی بوو.

لـەدوای تەواوکردنـی مەراسـیمی داواکـردن و مارەکردن، ژینۆ گوتی ئاکۆ با ماڵـی جیامان هەبێـت بێگومان من خۆشـمان ئەم نیەتەمان هەبوو، بۆیە هیچ قورس نەبوو بەلامەوە، بەهەرحاڵ دەسـتم کرد بەماڵ دروسـت کردن تـا ماڵێکی جوانمان پێك هێنا بەڵام ئەوەی بووەمایەی دواخسـتنی پرۆسـەکەمان هاتنەپێشی قەدەرێك بـوو، ئەویش ئەوە بوو کەبەهۆی رووداوێکـی ئۆتۆمبێلـەوە ئەندامێکی جەستەم لەدەسـت داو و روخساریشم زۆر تێکچوو، تەنانەت خوشـکێکم لەو رووداوە کۆچـی دوایـی کـرد، هەرچۆنێك بوو لەگـەڵ ئـازار و نارەحەتییەکاندا راهاتم رووخسـارم زۆر گـۆڕا، دوای چەندین نەشتەرگەری جوانکاری لەوڵاتی ئەردەن، هەندێك باشـتربووم، تائێرە هەمووشتەکان لەنێـوان من و ژینۆدا زۆر ئاسـایی بوو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسـورمان بوو، بڕیارێکی سـەیری سـەیری ژینۆ بوو، رۆژێـك دایکی ژینۆ هات بـۆ ماڵمان، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو، لەدوای دانیشتنی بۆماوەی کاتژمێرێك بابەتێکی سەرنج راکێشی کردەوە و گوتی:ئاکۆ گیان ئەمـە ئەڵقەی ژینۆیە بۆ تۆی ناردۆتەوە ووتویەتـی مـن ناتوانم لەگەڵیـدا بژیم چەندێك قسەمان لەگەڵ کردووە بێ سود بووە، منیش ناچاربـووم بۆتی بهێنمەوە، لەوکاتەدا زمانم لەگۆکردن کەوت



**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: تۆ گەنجێکی هۆشیاری، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەوە، بەرنامەی جیدی بۆ ئایندەت دابنێ، ئەوەی بەسەرتۆدا هات تاقیکردنەوەیەکی باش بوو تا زووتر ئەو کچە بناسی، بۆیە بە ئومێدەوە سەیری ئاینده بکە**

نەمزانـــی چی بڵێـــم، تەنانەت رۆژێك پێشـــتریش هیچ بابەتێك لەو چەشنە باس نەکراوە تـــا گومانێك بکەم چۆن لەپڕ ئەم بڕیارەی داوە؟

دەســـت بەجێ پەیوەندیـــم بەژینۆوەکرد بەبێ وەڵام دانەوە تەلەفۆنەکەی داخستەوە ئیتـــر ئەمە دوا گفتوگـــۆی من و ژینۆ بوو، لەکاتی جیابوونەوەشماندا هەرچیەکی گوت لەداگا من هیچ بەرپەرچم نەدەدایەوە و نەمتوانی قسەلەســـەر هیچ شتێك بکەم چونکە تێگەیشتم مەسەلەکە لەسەر چی بووە؟

ژینۆ بۆمن هەموو شتێك بوو تائێستاش هەرلەبیرمدایە و خۆشـــم ئەوێـــت ناتوانم لەگەڵ هیچ کەســـێکی تردا پرۆســـەی هاوســـەرگیری بکـــەم لەکاتێکـــدا ژینۆ پرۆســـەی هاوســـەرگیری ئەنجامداوە، چەندین جـــار هەوڵمداوە خۆم بکوژم بەڵام پەشیمان بوومەتەوە، ئێستاش باری دەروونیم زۆرناجێگیـــرە، کاتێك ســـەیری وێنەکان دەکەم دەروونـــم نارەحەتر دەبێت، هۆکاری جیابوونەوەکەمان لەسەر ئەوەبووە کاتێك من بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە ئەندامێکی جەستەم کە قاچم بوو لەدەست بدەم، ژینۆ گوتبووی من ناتوانم خزمەتی کەســـێکی کـــەم ئەندام بکەم لەوانەیە پاش ماوەیەکی کەم تەندروســـتی خراپتریش بێت، تازە بۆم دەرکەوت ژینۆ لەبەر جوانی و دەوڵەمەندی بووە کە زەواجی لەگەڵ مندا کردووە، بەڵام ئێســـتا کە جوانیی جەســـتەم لەدەستداوە پەشیمان بۆتەوە، منیش بۆ چرکەساتێکیش لەبیرم ناچێت و هەرلەخەیاڵمدایە.

(هۆشـــیار مەحمـــود) توێـــژەری کۆمەڵایەتی ســـەبارەت بەم بەســـەرهاتە دەڵێت: پەیوەندی و راستگۆیی لەنێوان دوو هاوســـەردا یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی خێـــزان، بـــەڵام کاتێـــك حاڵەتێکی لەو چەشـــنە دەبینیین زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت هەروا بەئاســـانی لەبیری بکات، نمونەیەکی وەکو ئاکۆ پێویســـتی بەئارام گرتن هەیە، هاوکات نابێت مرۆڤ خۆی بەکەسێك ببەستێتەوە چونکە مرۆڤێکی لەو چەشنە دەکرێت زووتر پشت گوێ بخرێت، بەڕاستی لەژیانی هاوسەریدا نابێ بەهیچ جۆرێـــك بەرژەوەندی جێگـــەی ببێتەوە، کەســـێکیش بۆ بەرژەوەندییەکان پرۆسەی هاوســـەرگیری بـــکات رۆژێـــك دادێت پرۆســـەکە هەرەس بێنێ و هەڵبوەشێتەوە، بەتایبەت کاتێك خواســـتەکانی هاتنە دی یاخود بەرژەوەندییەکانی جێبەجێ نەبوون، بۆیە بەئاکـــۆ دەڵێم لەبیرکردنی مرۆڤێکی لەوچەشـــنە تـــا زووتـــر ئەنجامی بدەی هێشتا درەنگە، هەرگیز خۆت بەکەسێکەوە ســـەرقاڵە مەکە کە تۆی بۆ خۆشیەکانی خـــۆی بوێت، تۆ گەنجێکی هۆشـــیاری لەئێســـتاوە لاپەڕەیەکـــی نـــوێ لەژیاندا هەڵبـــدەرەوە، بەرنامەی جـــدی بۆ ژیانی ئایندەت دابنێ، ئەو رووداوەی بەســـەرتدا هاتووە بۆتـــە باشـــترین تاقیکردنەوە بۆ هاوســـەرەکەت تا باشتر و زووتر بیناسیت، بەئومێدەوە ســـەیری ئاینـــدەت بکە، کەم ئەندامـــی مەکە بەگرفـــت چەندین کەم ئەنداممان بینیوە لەکەســـانی ساخ باشتر ژیانی خۆیـــان بەڕێوە دەبەن و کارەکتەری سەرکەوتوون، دەکرێت تۆش یەکێك بیت لەو سەرکەوتووانە.

# ستراتیژییەتی سیاسی پەرەپێدان لەکۆمەڵگای کوردستان

# چۆن پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی راستەقینە بخوڵقێنین؟

پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بەمانا سیستماك و فراوانەكەی پرسێكی فرە رەهەند و هەمە بابەتە، فراوانترە لەوەی لەمەسەلەیەكی دیاریكراوی بگوشین و بچووكی بكەینەوە، پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی لەفراوانترین ماناكانیدا، هەموو ئەو ئایدیا و فەلسەفە سیاسی و پەروەردەیی و ئابوورییەیە كە كۆمەڵگە بەهۆیەوە ئاراستە و بەڕێوەدەبرێ، هاوكات لەسەرێكی دیكەشەوە چەند چەمك و دەستەواژەیەكیش لەخۆ دەگرێ كە بەشێوەیەكی راستەوخۆ تێكەڵكی و ئیندماجیان لەگەڵ هەیە و بێ هێنانەدی ئەو سیستەمانە ناكرێ باس لەڕووە فراوانەكەی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی بكەین، ئەوانیش، سیستمی پارێزی و دڵنیابوونی كۆمەڵایەتی (نظام الحماية الاجتماعية)و پردی ژێرخانی كۆمەڵگە و پەرەپێدانی مرۆیی و بەشدارییپێكردنی تاكە لەبڕیاری سیاسیدا.

یەكەمینجار "پەرەپێدان" وەك دەستەواژەیەك لەفەرهەنگی سیاسیدا لەسەرەتای پەنجاكانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا، واتە دوای كۆتاهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و هاوكات لەگەڵ ئەو تەوژم و رەوتە جیهانییەی كە بانگەشەی بۆ ئازادی و رزگاربوونی لەژێر داگیركاری وڵاتە كۆڵۆنیالییەكان دەكرد، هەر لەوێوەش بەهۆی بەشبوونی ئەوكاتی جیهان بەسەر بلۆكی رۆژهەڵات كە فەلسەفەی ماركیسزم رابەرایەتی دەكرد لەگەڵ بلۆكی رۆژئاوا كە پێشەنگی هزری سەرمایەداری بوو (پەرەپێدانیش)كەوتە ژێر كاریگەری دوورابییەكانی ئەو دوو فەلسەفە جیاوازە، ئەوكات لەقامووسی سیاسی رۆژئاوا، وڵاتانی تازە دامەزراو و سەربەخۆ وڵاتانی دواكەوتوو (الدول النامية) بوون لەبەرامبەریشدا لەهزری ماركیسەكاندا بەوڵاتی (تازە پێگەیشتوو) یان كۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەكان ناو دەبران، هەر رۆژئاواییەكانیش بوون بیرۆكەی جیهانی سێیەم، یان بە باڵای ئەو وڵاتانەدا دابڕی، واتە ئەو كێبڕكێ هزری و فەلسەفییەی ئەوكات ئینفیكاسی لەسەرپێناسەكردن و ئالییەتەكانی خوڵقاندنی كۆمەڵگەیەكی پێگەیشتوو هەبوو.

وەك روونمانكردەوە، پێدا "پەرەپێدان" پرۆسەیەكی فراوان و گشتگیرە سەرجەم ئەڵقە و كایەكانی ژیانی مرۆڤ هەر لە ئابووری و كۆمەڵگە و سیاسی و پەروەردەییەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە كایە زانستی و تەكنەلۆژییەكان. زۆرێك لەهزرڤان و لێكۆڵەرانی واری گەشەپێدانی كۆمەڵگە پێیانوایە ناكرێ جیاكاریی لەنێوان (پەرەپێدان) و (گەشەكردن) بكەین وەك ئەوەی هەندێك لەپیاوانی ئابووری دەیكەن، ئەوەتا گەورە ئابووریناسێكی وەك (فرانسۆ برۆ) دەڵێت: پەرەپێدان و گەشەكردن وەك دوو ڕووەكەی یەك دراون، سەرجەم ئەو گۆڕانكارییە فكری و ئابووری و كۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە كە لەحوقبەیەكی زەمەنی دیاریكراو لەكۆمەڵگەیەك لەكۆمەڵگەكان روودەدەن و ئامادەگی بەرچاویان لەلایادكردنی توانای گشتی كۆمەڵ دەبێ، بەڵام خۆ ناشكرێ ئەو پێناسەیەی (فرانسوا) وەك تاكە پێناسە بناسێنین و گشتگیری بكەین بەڵكو سۆسیۆلۆژیست و ئابووریناسان و داڕێژەرانی هزری سیاسی هەریەكەیان گۆشكراون بەئایدیا و فەلسەفەیەكی دیاریكراو و پێناسەی جیاوازیان هەیە، راستە ئەوان لە رووی میكانیزمەوە جیاوازن بەڵام دواجار ئامانجی هەموویان بەهێزكردنی تواناكانی تاكە بۆ موساهەمەكردنی لەگەشەپێدانی كۆمەڵ و بەهێزكردنی توانای بەرەنگاربوونەوەی ئاریشەكان و بەشداریكردنی لەبڕیاری سیاسیدا، هەر بۆیە دەبینین هەمولایەك جەخت لەسەر هەمەلایەنی و گشتگیری پرۆسە پەرەپێدان دەكەن، بۆ نموونە لە رووی پەروەردەییەوە دەبێ دەوڵەت خودان فەلسەفەیەكی پەروەردەیی ئەوتۆ بێ تۆوی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوون لەنێو تاكەكانی كۆمەڵ بچێنێت، لە رووی سیاسیشەوە ئەوەندە كراوە و ئازاد بێ دەرگا لەبەردەم تاكەكانی واڵا بكات تا پشكداری لەبڕیارە چارەنووسازەكان بكەن و لەرووداو و پێشهاتەكاندا قسەی خۆیان هەبێ، سەبارەت بەبواری كۆمەڵایەتیشی هانی سیستمی دڵنیایی كۆمەڵایەتی و پارێزی كۆمەڵایەتی بدات، پارێزی بە واتای بەخشینی بیمەوە یارمەتی بەهەژار و نەداران و باشكردنی گوزەرانیان و ڕێكخستنی هەلی كاركردن بۆیان ئینجا لەكاتی كاركردنیشدا سیستمی دەسەبەری كۆمەڵایەتیان بۆ بچەسپێنێ كە ئەمەش خاڵێكی بەهێز دەبێ لەكاڵكردنەوەی خروقاتی چینایەتی و جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان و هەنگاونان رووەو عەدالەتی كۆمەڵایەتی، لێرەوە جێگەی خۆیەتی بڵێین كە بێ گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی كە سەرەتاكەی لەپەرەپێدانی مرۆییەوە دەستپێدەكات، ئەستەمە باس یەكسانی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی بكەین، كە بێگومان ئەمەشیان بابەتێكی گرنگ و هەستیارە و قسە و باسێكی زۆر هەڵدەگرێ.

مەبەستی سەرەكی ئێمە لەو هەموو پێناسە و راڤەكردنەی "پەرەپێدان و بوژاندنەوەی كۆمەڵگە" بۆ دۆزینەوەو گەیشتمانە بەرێگەچارە و میكانیزمێكی گونجاو لەپێناو گەیشتن بەگەشەپێدان، نەخشەرێگە و میكانیزمێك لەو سەردەمەی جیهانگەرایی و دنیای تاكجەمسەریەدا بەرچاوكردنی واقیعی كۆمەلگەی كوردی بنمانگەیەنێتە كەناری پەرەپێدانی مرۆیی و گەشەی كۆمەڵگە، هەر بۆیە (گوڵان) بەئەركی خۆی دەزانێ لەو تەوەرەدا بۆچوونی چەند شارەزا و تایبەتمەندێك لەو بوارە وەربگرێ.



> سۆسیۆلۆژیای پەرەپێدان لەفیكری ماكس ڤێبەر و كارڵ ماركسدا خاڵی جیاواز و پێكنەگەیشتووی هەردوو فەلسەفەی ماركیسزم و فەلسەفەی سەرمایەدارییە، ئێستا بەشێک لەوڵاتان، بەتایبەت وڵاتانی ئەسكەندەناڤیا فەلسەفەی سۆشیال-دیموكراتی لەئیدارەكردنی دەوڵەت پەیڕەودەكەن، كە بەتێكەڵەیەک لەهەردوو فەلسەفەكە هەژماردەكرێ

# پرۆفیسۆر شارۆن لینزەی لە زانكۆی ڤانگوارد بۆ گوڵان:

# سیستمی پارێزی كۆمەڵایەتی (Social Security) لە جیهاندا ساڵ بە ساڵ فراوانتر دەبێت

*شارۆن لینزەی پرۆفیسۆر لەبواری سۆشیۆلۆژی لەزانكۆی ڤانگوارد (Vanguard University) لەباشوری كالیفۆرنیا. بەكالۆریۆسی لە لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتیەكان هەیە و دكتۆرای لەبواری سۆشیۆلۆژی لەزانكۆی ئینلیاناى ئەمریكی هەیە و ماستەری لەیاسا نێودەوڵەتیەكان هەیە. لەزانكۆی ڤانگوارد و زانكۆی شاهانەی بەریتانی و چەندین زانكۆ و سەنتەری تر وانەی داوەتەوە. چەندان كتێب و وتار و لێكۆڵینەوەی لەسەر كورد و ئافرەتی كورد نووسیوە و تائێستا پێنج جار سەردانی كوردستانی كردووە و بە شێوەی مەیدانی چەندین لێكۆڵینەوە و چاوپێكەوتنی ئەنجامداوە. گوڵان لەتەوەری ئەمجارەیدا لەبارەی ستراتیژییەتی سیاسی پەرەپێدان لەكۆمەڵگای كوردستان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامدا.*



*** وەك دەزانن سیستمی پارێزی كۆمەڵایەتی (Social Security) لەبنەڕەتدا سیستمێكە بۆ رزگاركردنی كەسانی هەژار و كەمدەرامەت لەهەژاری و بێكاری و دابینكردنی ژیانێكی باشتر بۆیان هاتۆتەكایەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەمڕۆی سیستەمی سیاسی عێراق و هەرێمی كوردستان تاچەند كاری بۆ خوڵقاندنی ئەو سیستمە كردووە؟ یان لەكوێی ئەو سیستمەدایە؟**

- بارودۆخی ئێستای ئابووری زۆر جێگای سەرنجپێدانە. سیستەمی پارێزی كۆمەڵایەتی خۆی پرۆگرامێكە بۆ پاراستنی ئەو كەسانەی بێ كار و دانەمەزراون و خواردنیان كەمە و شوێنی ژیان و مانەوەیان نییە. سیستەمی مرۆڤپەرستی مرۆڤدۆستان داوا لەكۆمەڵگا دەكەن شتێك بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامبدات بۆئەوەی ئەوجۆرە كەسانە لەهەژاری و برسان نەمرن. بۆیە پێویستە ئاڵتەرناتیڤێك هەبێت بۆ كۆمەككردنی ئەو كەسانەی ناتوانن یارمەتی خۆیان بدەن. مەترسی ئەوەش لەسەر سروشتی مرۆڤ چییە، چونكە ئێمە ئەو كێشەیەمان لەئەمریكا هەیە، واتە تا چەند تۆ مرۆڤ بێبەش دەكەیت لەشەرەفی كاركردن و بۆ نموونە كاركردن لە پێناو ژیانی خۆیان. كاتێك ئابوری بەرەو باشتر دەچێت و ئەوانیش بەردەوام پشت بەیارمەتی و پێدانی خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوونی دەوڵەت دەبەستن، واتە تا چ ئاستێك تۆ شكۆ و سەربەرزی ئەوانت دوور خستووەتەوە لە كاتێكدا ئەوان ئێستا بۆ پەیداكردنی خۆراكی خێزانەكەیان پشت بەخۆیان نابەستن. لێرەدا ئەمە خاڵی گرنگە و دەبێت ئاگاداری بین.

*** هەندێك پێیانوایە ئەو سیستمە، سیستمێكی بەسەرچووە و زیانی لەو وڵاتانەدا هەبوو، كە دەوڵەت بەهۆی هزری سۆشیالیزمەوە كۆمەڵگەی بەرێوەدەبرد، ئایا ئەو بۆچوونە تاچەند هەقانییەت لەخۆدەگرت؟**

- لەئەمریكا كە خاوەنی سیستەمگەلێكی پارێزی كۆمەڵایەتی گەورەیە، نەمزانیوە لەهیچ ویلایەتێك ئەو سیستەمە بەسەرچووبێت و ئێستا خەڵك هیچ شتێك پشتگیریان نەكات. بەهەمان شێوە سیستەمی پارێزی كۆمەڵایەتی ئەوروپایش بەسەرنەچووە. لەڕاستیدا كێشەكە ئەوەیە، سیستمی پارێزی كۆمەڵایەتی (Social Security) ساڵ بەساڵ گەورەتر و فراوانتر دەبێت و بەشێكی زۆری بودجەی نیشتمانی بۆخۆی دەبات و بەو هۆیەوەش بودجەیەكی كەمتر بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە گرنگانەی تر دەمێنێتەوە كە حكومەت دەیەوێت بیكات، مەبەست ئەوەیە پشت بەستن بەو سیستەمە بەردەوام زیاتر دەبێت و بەرەو فراوانی دەچێت.

*** بەڵام گەر بەدیوێكی دیكە تەماشای مەسەلەكە بكەین، دەبینین ئەو سیستمە سیاسیانەی وابەستەی بازاڕی ئازادن و بەفەلسەفەی سەرمایەداریی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، بەشێوەیەكی دیكە هەوڵیان بەو ئاراستەیە ناوە، ئایا لەهەرێمی كوردستاندا چۆن دەتوانین سوود لەهەردوو تەجرەبە وەربگیرێ لەكاتێكدا عێراق تائێستا لەنێوان هەردوو فەلسەفەدا گەمە دەكات؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر باش و گرنگ بوو، چونكە سروشتی مرۆڤایەتی دەردەخات. بۆ نموونە ئەگەر رێچكەی یەكێتی ئەوروپا، سوید یان بەریتانیا بگریتەبەر، كە هەندێ جار رێژەی باج دەگاتە ٧٥٪، ئەمە وا لە خەڵك دەكات هەوڵی بەدەستهێنانی زیاتر نەدەن و كار نەكەن. یان ئێمە لە ئەمریكا سكاڵا دەكەین، چونكە رێژەی باج لەوێ ٣٣٪ و دەڵێین زۆر بەرزە. ئەگەر بتەوێت بەرهەمهێنان بكەیت و لەكاردا سەركەوتووبیت دەبێت رێژەی باج كەم بكرێتەوە، چونكە كاری بچووكیش پشتێنەی ئابوریی ئەمریكایە. دەبێت رێژەی باج بەردەوام كەم بكرێتەوە. بۆیە پێموایە كوردستان دەتوانێت لە هەردوو مۆدێلێكەوە ئەزموون وەربگرێت. ئایا دەیانەوێت باج بە رێژەی ٧٥٪ وەربگرن لە كاتێكدا حكومەت بیمەی تەندروستی و خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتی و ئەمنی و پەروەردەییەكان بدات یان دەیانەوێت زیاتر بڕیارەكان و سەربەخۆییەكان بۆ خەڵك جێبهێڵن تاكو بڕیاری لەسەر بدەن؟ وەك ئەوەی مۆدێلی سەرمایەداری دەیكات. ئێستا لە ئەمریكا دیموكراتەكان دەیانەوێت رۆڵی فیدراڵی لە ژیانی تاكەكەسیمان فراوان بكەن، بەڵام كۆنسەرڤاتیڤ و كۆمارییەكان دەڵێن وا باشترە هەندێ شكۆ و سەبەخۆییمان بۆ جێبهێڵن یان ئەوەتا وەك ئەوروپامان لێ دێت.

ئەمەش لەکۆتاییدا نەك هەر زیان بەحکومەت دەگەیەنێت بەڵکو زیان بەچینی هەژاریش دەگەیەنێت.



*** لەوڵاتێکدا گەر بێکاری و هەژاری بەڕادەیەکی زۆر بڵاوبێ لەوانەیە دامەزراندنی تۆڕی پارێزی کۆمەڵایەتی وەسیلەیەکی تەواو سەرکەوتوو نەبێ بۆ خوڵقاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران، بەڕای ئێوە جگە لەو پارێزییە پێویستیمان بەچ ڕێگە و سیستمێکی دیکە هەیە؟**

- کاتێك تۆ خزمەتگوزاری بۆ هەژاران و بێکاران دابین دەکەیت کە بارودۆخی ئابووری باش نەبێت، مەبەستم ئەوەیە کەسێك دەبێت خەرجیەکەی بدات. مۆدێلی ئەوروپی یان مۆدێلی دیموکراتیی کۆمەڵایەتی بەدروستی وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە ئەگەر حکومەت هەموو خزمەتگوزاریەکان دابین بکات کێ ئەو پارەیە دابین دەکات؟ بۆیە لێرەدا مەترسی دروست دەبێت، سەرەڕای ئەو گریمانەی کە هەمیشە پارە پەیدا دەبێت بەڵام ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە تۆ داوای باج لەو ژمارە کەمەی بەرهەمهێنەرە سەربەخۆیانەدەکەیت کە بەرهەمدەهێنن. ئێوە خاوەن ڕێکخراوێکی زۆری ناحکومین، خاوەنی مزگەوت و کەنیسەیەکی زۆرن، ئێمە لەئەمریکا خاوەنی نەریتێکی خۆبەخشانەی زۆر بەهێزین، ئێمە خاوەن بەرزترین ڕێژەی خۆبەخشین و کەسانی خۆبەخشین لەجیهاندا، ئەمەش بەهۆی ڕەوشتی چاکە و بەخشینە کە لەئاییینەوە سەرهەڵدەدات. بە بۆچوونی من ئەگەر کوردستان تیژبین بێت، کە پێموایە بەو شێوەیە چونە ئازادیەکی فراوانی ئایینی بۆ هەموو کەسێك دەستەبەر کراوە. ئەگەر زیرەك و دووربین بن سەربەخۆیی ڕەها بەکەرتە ئایینیەکان دەدەن، هەر لە موسڵمان و مەسیحی و جولەکە تا دەگاتە یەزیدی و ئایینەکانی تر تاکو گەشە بەڕێکخراوە ناحکومیەکانیان بدەن. پێویست ناکات حکومەت وەك ئەوروپا تاکە لایەنی جێبەجێکار بێت، ئەورووپیەکان پێیانوایە تەنها حکومەت دەتوانێت ئەو کارانە بکات، ئەو هەڵەیەکی گەورەیە. لەو ڕووەوە پێموایە ئەمریکا باشتر و پێشکەوتووترە و تێدەگەن کە کەرتی چاکە و بەخشینی تایبەتیی ڕێکخراوە ناحکومیەکان گەورەترین کەرتی بەخشینە لەجیهان و لەئاستی ئەو کەرتە کەم ناکەنەوە و پشتگوێی ناخەن. پێویستە ئازادییان پێ بدەیت و ئەوانیش دەتوانن یارمەتیەکی زۆر پێشکەش بکەن.

*** بەڕای ئێوە دەستەبەری کۆمەڵایەتی (تأمین الاجتماعی) چۆن دەتوانێ خزمەتی سیستمی پارێزی کۆمەڵایەتی بکات؟**

- ناڵێم دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێویستە و گرنگە بەڵام دەبێت سنووردار بێت و هاوسەنگ بکرێت. ئێمە لەئەمریکا فێڵ و ساختەی زۆرمان هەبووە بەتایبەتی لەچاودێری تەندروستی، ملیۆنان دۆلار لەحکومەت وەرگیراوە بەناوی چاودێری تەندروستی لە کاتێکدا ئەو کێشەیان نەبووە. ئەمەش گەندەڵیە لەناو سیتمەکەدا دەکرێت. خۆی سیستمەکە بۆ یارمەتی دانی ئەو کەسانە دروست کراوە کە ناتوانن یارمەتی خۆیان بدەن. لەم حاڵەتەدا با بڵێین نەخۆشیەکی دڵت هەیە و پێویستی بە نەشتەرگەری دڵ هەیە و پارەی ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەریەی نییە، تەنانەت ڕەوشتی ئایینی مرۆڤایەتی ناهێڵێت هەروا بە ئاسانی بمرن، تۆش پارەی نەشتەرگەریەکەی دەدەیت و یارمەتی دەدەیت، بەڵام ناتوانیت ڕەوشت و ئێتیکێکی وەها فێری خەڵك بکەیت کە حکومەت خودایە و هەموو شتێکت بۆ دابین دەکات و پێویست ناکات تۆ هیچ بکەیت. نابێت حکومەت وەك دایك و باوك بێت و کاتێك برسیت دەبێت نانت پێبدات و گەر پێویستیەکت هەبێت بۆت پڕبکاتەوە، وەك ئەوەی دانیمارك و سوید دەیکەن. ئافرەت لەسوید پێویست ناکات هاوسەرگیری بکات لەبەرئەوەی حکومەت جێگای هاوسەری بۆ گرتۆتەوە، ئەو ئافرەتە پێویستی بە پیاوێك نییە خەرجیی تەندروستی بدات حکومەت بۆی دەدات، پێویستی بە پیاو نییە خۆراکی بۆ پەیدا بکات حکومەت بۆی پەیدا دەکات، بۆ هیچ شتێك پێویستیی بە پیاو نییە چونکە حکومەت وەك مێردی وایە. ئەو ڕێگایەش سودی نییە. بۆیە پێموایە ئێوە پێویستتان بەپارێزی کۆمەڵایەتی هەیە تەنها بۆ حاڵەتی تەنگەتاوی، بەڵام با کورد وەك ئەورووپیەکان تەنها پشت بەحکومەت نەبەستن و با کورد بەردەوامی بە سەربەخۆیی تاکەکەسی و ڕاستگۆیی خۆی بدات و کاتێك دەکەوێتە سەرپێیان و کاری دەست دەکەویت بەرهەمی باشی دەبێت. چونکە مرۆڤ زوو فێردەبێت و بەمشێوەیە کاردانەوەی دەبێت کە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر وەك منداڵ ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و نانی پێ بدەیت ئەوا هەروەك منداڵ دەمێنێتەوە.

*** بەشێك لەبیرمەندان سەنتێز و جۆرە تێکەهەڵکێشێك لەنێوان پەرەپێدانی مرۆیی یان کۆمەڵایەتی دەکەن و پێیانوایە بێ دەسەبەرکردنی کۆمەڵایەتی (تأمین الاجتماعی) مەحاڵ و ئەستەمە پەرەپێدانی مرۆیی بێتە کایەوە، لەمبارەیەوە رای ئێوە چییە؟**

- من پێموایە ئەمە لەنرخ کەمکردنەوە و بڕوا نەبوونە بەعەقڵ و مێشکی مرۆڤ کە وەك گیاندارێکی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. وەك ئەوەی لەگەڵ سەگدا دەکرێت، نانی پێدەدەیت و زەنگەکە لێ دەدەیت، زەنگی بۆ لێدەدەیت و نانی پێدەدەیت و بیست جار دووبارەی دەکەیتەوە، تەنانەت کاتێکیش زەنگ لێدەدەیت و نانی پێنادەیت ئەو هێشتا لیك دەردەکات. مرۆڤ بەمشێوەیە نییە. مرۆڤ بیرکردنەوەی هەیە و پلانی هەیە و کاردانەوەی هەیە، هێندە تێنەگەیشتوو و گیاندارانە نین کە پێویست بکات بە شێوەیەك ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەیت وەك ئەوەی نیوەی مێشکیان لەدەستدابێت.

*** ئامانجی سەرەکی لەپەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دروستکردنی گۆڕانی ئیجابییە لەکایە جیاوازەکانی کۆمەڵدا، یان گەشەکردنیانە لەڕووی فیکری و کولتووری و ئابوورییەوە، لێرەوە ڕۆڵی میدیا و نێوەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چی دەبێت؟**

سەرەتا پێموایە ئێمە بڕوا و بایەخێکی زۆرمان بەکۆمەڵگا داوە. سەیری وڵاتانی جیهان بکە کۆمەڵگا وێرانی کردووە، هەڵەی زۆر گەورەیان کردووە. ئێمە لەسەرتاسەری جیهان بەرەو پاشەکشە و دواکەوتن ڕێ دەکەین. من پێموانییە کۆمەڵگا بتوانێت هەموو ئەو شتانە ئەنجامبدات کە پێویستن. پێشموانییە بتوانن پێشبینی ئاکامی پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکان بکەن. بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی گرنگیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆیی و بەرپرسیاریەتی مەیدانی دەخەنە سەر شانی خەڵك نەك حکومەت، دەیخەنە سەر شانی حکومەت و پێیاندەڵێن ئێوە کاربکەن و بەشێوەیەکی دیموکراتی تێکەڵی یەکتر ببن، ئێوە خۆتا هاریکاری لەگەڵ یەکتربکەن و کاری خۆبەخشانە لەپێناوی یەکتر بکەن و دەتوانن زۆر شت بەبێ حکومەت ئەنجامبدەن، هەموو شتێك نا بەڵام هەندێ لەشتەکان. با ڕێگە بە خەڵك بدەین ڕۆڵێکی گرنگ لەیارمەتیدانی خۆیان بگێڕن. لێرەدا کوردستان گەورەترین و سەرسوڕهێنەترین وانە و دەرسی هەیە کە دەتوانێت فێری ببێت و لێیبکۆڵێتەوە، ئەویش

هێزی خەڵکە لەناو ڕێکخراوە ناحکومیەکان و نێوەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هێزی خەڵك سامانێکی گەورەیە و دەتوانرێت بۆ هاندان و یارمەتیدانی یەکتر و دروستکردنی بناخەی بزوتنەوە دیموکراتیەکان بەکاربهێنرێت و بۆ سوودی هەمووان کەڵکی لێوەربگیرێت. با وا بیرنەکەینەوە تەنها حکومەت دەتوانێت ئەو کارە بکات، با خەڵکیش دەستی تێدابێت، ڕەنگەهاوڵاتیان کاری باشتر لەحکومەت بکەن.

*** ئەی لەبارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان چ سەرنجێکتان هەیە؟**

- ڕۆڵی میدیا زۆر گرنگە. ئێمە بۆ نموونە لە ئەمریکا کێشەی زۆرمان لەگەڵ میدیا هەبووە و لەهەمان کاتیشدا شانازیەکی زۆری پێوە دەکەین. میدیا لە بنەڕەتدا دەبێت ئازاد و سەربەخۆ بێت. بەڵام ئێستا لەگەڵ ئۆباما کەوتوونەتە داوی خۆشەویستیەوە و پێیانوایە هەر شتێکی ئێستا دەیکات هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە. پێموایە کەمێك ساویلکانە سەیری مەسەلەکە دەکەن و باشترە بەمشێوەیە نەبێت و بابەتیانە سەیری ڕووداوەکان بکەن. بەڵام میدیا گرنگە، چونکە دەتوانم بڵێم ٪۹۰ی خەڵك ئەو شتانەی فێری بوون لەو شتانەی میدیا دەیڵێت فێری بوون. زۆربەی خەڵك لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت نازانن بیر لەچی بکەنەوە جگە لەو شتانەی میدیا نەبێت کە پێیانڕادەگەیەنێت. بۆ نموونە تەنانەت باس و خواسەکانیش لەمیدیاوە وەردەگرن وەك تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت، بۆیە میدیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، بۆ نموونە وڵاتێکی دیکتاتۆری سەیر بکەین، وەك عێراقی سەردەمی سەدام حسێن، مەبەستم ئەوەیە خەڵك تەنها بیری لەو شتانە دەکردەوە کە ئەو دەیویست بیری لێ بکەنەوە، هەڵوێستەکانیشیان تەنها لەلایەن سەدام حسێنەوە ئاراستە دەکرا. بەڵام ئەگەر خەڵك لە ڕێگەی میدیایەکی دیموکراتی و ئازاد فێرکرا و ڕا و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، ئەوا ئەو مێشکەی خودا پێیداون گشت کێشەکان چارەسەر دەکات و ڕۆشنبیر دەبێت و ڕەخنە دەگرێت و لەگەڵ خۆی و ئەوانی تر گفتوگۆ دەکات. میدیا هۆکار و بزوێنەرە. بۆیە پێویستمان بە میدیای ئازاد و هەمەجۆر هەیە، پێویستمان بە کۆمەڵێك میدیا هەیە کە ڕا و بۆچوونی جیاوازیان هەبێت نەك یەك بۆچوون دەربخەن، ئەوەش گەشە بە بیرکردنەوەی خەڵك دەدات و بەمەش دەبن بە داهێنەر و چالاکڤان و دیموکراتخوازی کورد.

*** ئەی ڕۆڵی لاوان و ئافرەتان لەپرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ داخۆ ئەو تەگەرە و ئاستەنگە کۆمەڵایەتیانە چین دێنە بەردەم ئافرەتان پرۆسەی پەرپێدانی کۆمەڵایەتی؟**

- پرسیارێکی گرنگە بۆ کوردستان، چونکە وەك کۆمەڵگەیەکی ترادیسیۆنی ئافرەتان بەهاووڵاتی پلە دوو ڕەچاو کراون. هەروەك ئەمریکا کە تاساڵی ۱۹۲٤ ئافرەتان نەیاندەتوانی دەنگبدەن و تائێستاش بەشێك لەخەڵك هەیە پێیوایە ئافرەت هاووڵاتی پلە دووە. پێموایە لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا کێشەگەلێکی کەمێك جددی ترمان هەیە. ئافرەتان ڕێگەیەکی دوورتریان بۆ گەیشتن بۆ ئێرە لەبەردەم دایە، لەگەڵ ئەوەشدا من تا ئێستا پێنج جار بۆ کوردستان هاتووم، لە ساڵی ۲۰۰۵ لەیەکەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی مافی ئافرەتانی کورد لێرە بەشداربووم و وتارێکیشم پێشکەشکرد، من هەموو نیشانەکانی پاڵپشتی و یارمەتی گەشەپێدان دەبینم، ڕێگەیەکی درێژتان لەبەردەم دایە، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە هەموو مرۆڤێك یەکسانە و پێویستە هەموو دەوڵەتێك مافی یەکسانیان پێبدات. هەموو هاووڵاتیەکی کۆمەڵگا دەبێت مافی یەکسانی هەبێت بۆ ڕادەربڕین، پەروەردە، کار و مووچەی یەکسان، ڕاستە کوردستان وەك ئەوڕوپا و ئەمریکا نییە بەڵام خەریکە ئەو شتانە دێنەدی. دەبێت ئافرەتانیش تێبگەن کە ئەوانە خەڵات نین بەڵکو مافی خۆیانە. پێویستە هەموو کەسێك تێبگات کە ئافرەتانی کوردستان بەرەو پاش ناچن و لەپێشکەوتن دان

*** پێتوایە ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییە نێگەتیڤەکان لەپەکخستنی پلانی پەرەپێدان چییە؟**

- هەندێ بیروباوەڕی کولتووری هەیە ڕێگە لەگۆڕان دەگرێت و قەدەخەی دەکات و دەیەوێت شتەکان وەك خۆی بمێننەوە ئافرەتان بەچەوساوەیی بمێننەوە و ئازاد نەبن. نایانەوێت خەڵك خوێندەوار و پەروەردە بکرێن، نایانەوێت خەڵك ئازادی دروستکردنی یەکێتی و کۆمەڵەی هەبێت، بەڵام تەووژمی مرۆڤایەتی لە دژیانە، چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان گەرەنتی ئازادی دروستکردنی یەکێتی و کۆمەڵەی کردووە، گەرەنتی یەکسانیی ڕەگەزەکانی کردووە، بۆیە یاساکانی نێودەوڵەتی دەڵێن تاك مافگەلێکی هەیە کە تەنانەت حکومەتیش ناتوانێت لێی بێبەش بکات. بۆیە ئەو خەڵك و گروپانەی دەیانەوێت بەر لەئاوەکە بگرن، بەڕاستی بەرهەڵستی بزوتنەوە نێودەوڵەتیەکان دەکەن و دەیانەوێت ئەو مافانە لەخەڵك زەوت بکەن و ڕەنگە بۆ ماوەیەك بەر لەو تەوژمە بگرن بەڵام لەکۆتاییدا نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە سەریان پەیماننامەیان پێ مۆر دەکات و پێیانڕادەگەیەنێت کە ناتوانن مافی ئافرەتان و کەمینە و تایەفەکان زەوتبکەن. بۆیە ئەو بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییە نێگەتیڤانە کاتین و تەنها بۆ ماوەیەك دەتوانن بەربەست دروستبکەن.

*** ئەزمونی وڵاتەکەی ئێوە چییە و چی بۆ هەرێمی کوردستان پێشنیار دەکەیت؟**

- ئێمە دوای قاتوقڕیە گەورەکە کە لەنێوان ساڵانی ۱۹۲۹ تا ۱۹۳۳ ڕوویدا، ئەوەی ڕاستی بێت لەبەرئەوەی وڵاتەکەی ئێمە لەسەر بنەمای سەرمایەداری دامەزرا و سەرۆکەکانی پێشوو پارێزی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە سیستمانەیان نەبوو، بۆیە سەرۆك ڕۆزڤێڵت کە دەسەڵاتی گرتە دەست و پەرەی بەسیستمی پارێزی کۆمەڵایەتی دا. لەبەرئەوە لەناو دیموکراتەکان بەقارەمانی مەزن ڕەچاو دەکرێت، چونکە پلانی بۆ دووبارە بنیادنانەوەی ئابووری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دارشت بۆ ئەوەی خەڵك بەرهەمی هەبێت. هەموو کارێك کاردانەوەی هەیە. گەشەپێدانی ئابووری لەو کاتەدا شتێك بوو پێویستمان بوو و کارێکی باش بوو. بەڵام کاردانەوە نێگەتیڤەکەی ئەوەبوو کە نەوەیەك دروست بوو تەنها پشت بەسیستمەکە دەبەستێت. بەنسبەت کوردستان ئەگەر بیانەوێت سیستمێك دامەزرێنن بۆ یارمەتیدانی نەداران، با خەڵکانی زیرەك بۆ ماوەیەکی کاتی ئەنجامی بدەن و کاریان پێبدەن و نەهێڵن دانیشن و واهەست بکەن کە حکومەت بەردەوام خۆراکیان بۆ دابین دەکات و بەردەوام چاویان لەحکومەت بێت، ئەمەش چییە وەکو ئەورووپی و ئەمریکی لێ دێت.

کاتێك بارودۆخی ئابووری باشە ئەو پارێزی کۆمەڵایەتییە کەم بکرێتەوە. ئێوە خەڵك و چینێکی بەهێزی کارکەرتان هەیە و پشتگوێیان مەخەن. مرۆڤ خێرا فێر دەبێت، دەتوانیت فێری بکەیت پشت بەخۆی ببەستێت، دەشتوانیت فێری بکەیت پشت بە کەسانی تر ببەستێت.





# موئەیەدی شەش ساڵان لە چاوەڕوانی ناز و سۆزدا



لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکان بوو محەمەدوخێزانەکەی روویان لە شاری موسڵ کرد، ئەمەش دوای ئەوەی لە ئاکامی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و هێرشە دڕندەکانی رژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد، دۆخێکی وایان لێکەوتەوە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەر وێرانیش نەبووبێت بەکەڵکی ژیان نەیەت، ناوچەکانی دەوروبەری ئاگرێش لەم بارودۆخە دژوارە جیاواز نەبوو، گەڕان بەدوای ژیانێکی بەختەوەرو بژێوییەکی باشتر هەموو ئومێدو ئاواتێکی محەمەد بوو، ئاڵای (ناوێکی خوازراوە) خێزانیشی بە هەمانشێوە حەزی لەوە دەکرد، هاوسەرەکەی لە کوێ کاربکات لێوەی نزیك بێت، چونکە لە لایەك پێش پرۆژەی هاوسەرگیرییان محەمەدی مێردی خزمی خۆی بوو، هاوکات بە خۆشەویستیش هاوسەرگیرییان پێکهێنابوو، پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك ئەم خێزانە کوردە بوونە خاوەنی چوار منداڵ و، بۆ زیاتر لە ١٨ ساڵ لە شاری موسڵ نیشتەجێبوون و ژیانی ئەم خێزانە کوردەش رووی لە باشی کرد، تەنیا گرفتێك کە رووبەروویان بووەوە، نەخۆشییەکی موئەیەدی کوڕیان بوو کە دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە ٤ ساڵان بۆیان دەرکەوت کە تووشی نەخۆشی ئۆتیزم بووە، بۆیە هەموو هەوڵ و کۆششێکی محەمەد بۆ خزمەتکردن و بەخێوکردنی خێزانەکەو چارەسەرکردنی موئەیەد بوو،لەم پێناوەشدا محەمەد تەکسییەکی کڕی و شەوو رۆژ کاری دەکرد، بۆ ئەوەی خەرجییە زۆرەکانی تەندروستی منداڵە نەخۆشەکەی دابین بکات . تاوەکو رووخانی رژێمی بەعس و کەوتنەوەی کاری تیرۆرستی کۆنە بەعسی و ئیسلامییە توندڕەوەکان...

ئاڵای خێزانی موحەمەد بەمشێوەیە بارودۆخەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە: محەمەدی مێردم ئەوەندە موئەیەدی کوڕی خۆش دەویست رۆژانە دیاری بۆ دەهێنا و بە تەکسییەکە دەیبردە دەرەوەو سەردانی بزیشکی بێ دەکرد، چەند جارێکیش نەشتەرگەری دەمی بۆ کرد، چونکە موئەیەد جگە لەوەی نەخۆشی ئۆتیزمی هەبوو، لە منداڵیشەوە دەمی باش نەبووەو پێویستی بە چەند نەشتەرگەرییەك هەیە، ئەم باشییەی محەمەدی باوکی موئەیەد وای لەم منداڵە نەخۆشە کرد، رۆژانە حەزی لەوە بێت لە پەنجەرەی ماڵەوە سەیری دەرەوە بکات بزانێت باوکی کەی دێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ئێستاکە لە بەنچەرەکانەوە هۆگری سەیرکردنی دەرەوەی لا دروست بێت، لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخەکەی موسڵ و کوشتنی کوردەکان و پۆلیس و کەسایەتییەکانی تری ئەم شارە، بە محەمەدم گوت با بچین بۆ کوردستان لەوێ بارودۆخەکە سەقامگیرەو ژیانمان پارێزراو دەبێت، ئەو دەیگوت من خاوەنی چوار منداڵم و سەرقاڵی بژێوی ژیان و بەخێوکردنی منداڵەکانم و کەسابەتی تەکسی دەکەم کێ ئازارمان دەدات، ئەو

کۆمەڵایەتی

گوڵان



وێنەیەکی موئەیەد لە چاوەڕوانی باوکی دا

ڕۆژەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە کاتێك بەیانی بوو موئەیەدی ماچ کردوو بەڵێنی دیاری بێ داو بە منیشی گوت بەمنزیکانە سەرجەم نەشتەرگەرییەکانی بۆ دەکەم، تا بە تەکسییەکە ڕۆشت موئەیەدی سەیری باوکی دەکردو نەشی دەتوانی قسە بە جوانی بکات، محەمەدی باوکی موئەیەد ئاوڕی دایەوەو گوتی خۆزگە ئەو ئومێدەم دەهاتە دی وکوڕە جوانەکەم قسەت دەکرد، دەمەو ئێوارە بوو موئەیەدی کوڕم لە چاوەڕوانیدا بوو، ئەو دەمەی لەبری هاتنەوەی باوکی هەواڵی تیرۆر کردنی محەمەدمان بیست، کاتێك چووە بۆ مزگەوتێك بۆ نوێژکردن و ئیسراحەتکردن تەکسییەکەی لە بەردەمی مزگەوتەکە دادەنێت و دەیەوێت بچێتە مزگەوتەکە. تیرۆرستان بە دوو سێ ئوتومبێل دێن و باوکی موئەیەدی شەش ساڵان دەستگیردەکەن و دەیخەنە پشت سندوقی ئوتومبێلێکەوە و بەوە تۆمەتباری دەکەن کە ئێوەی کورد عەمیلن. بۆیە دەیفڕێنن و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر کەدواتر بەسەر لاشەکەیەوە دیاربوو چەند فیشەکێك بەسەریەوە دەنێن و دەیکوژن، من ئەو حەقیقەتە دەزانم کە باوکی موئەیەد چەند لەو تیرۆرستە بێ بەزەییانە باڕاوەتەوە کە نەیکوژن، چونکە موئەیەدی کوڕە بچوکی شەش ساڵانی نەخۆشەو پێویستی بە سۆزو خزمەت هەیەو، منداڵێکی ئۆتیزمی وا بەخێوکردنی زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەوان کەی بیریان لەو هەموو منداڵە کردۆتەوە کە هەتیویان کردوون و ئەو هەموو ژنە گەنجە کە بەدەستی تیرۆرستان بێوەژن کراون و دڵی دایك و باوکەکانیان سوتاند،من ئێستا هاتوومەتە شاری هەولێر نەوەکو تیرۆرستەکان هێرش بکەنە سەر ماڵەکەی محەمەدو منداڵەکانیشی بکوژن،چونکە ئەمە پیشەیان بووەو چەندین منداڵیان کوشتووە، بەڵام لێرە باری بژێوی ژیانم زەحمەتەو موئەیەدیش پێویستی بە دوو نەشتەرگەری هەیە،موئەیەد ڕۆژانە کەلە بەنچەرەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە، دەزانم بە بێ دەنگی بێم دەڵێت :(ئەگەر تیرۆرستان نەبوونایە من وا بێ ناز نەدەبووم و ئێستا هەموو ڕۆژێك دیاریم بۆ دەهات و چارەسەریش دەکرام )،کاتێك دەچێتە دەرەوە منداڵان گاڵتەی بێ دەکەن، چونکە نەخۆشەو وەکو منداڵەکانی تر هەڵسوکەوت ناکات و دەمی کەموکورتی تێدایە، خۆزگە ئەو نەشتەرگەرییەم بۆ منداڵە نەخۆشەکەم دەکرد کەبێ ڕەحمانە لە موسڵ باوکیان شەهید کرد...

موئەیەد ڕۆژانە کەلە بەنچەرەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە، دەزانم بە بێ دەنگی بێم دەڵێت: (ئەگەر تیرۆرستان نەبوونایە من وا بێ ناز نەدەبووم و، ئێستا هەموو ڕۆژێک دیاریم بۆ دەهات و چارەسەریش دەکرام..)

**چیرۆکی موئەیەدی شەش ساڵان کە نەخۆشەو تیرۆرستان باوکیان شەهید کردووە، لە ناو دەیان چیرۆکی تری ئەم نەتەوەیەدایە، کە ڕۆژانە تیرۆرستە ئسلامییە توندڕەوەکان و شۆڤێنییە قەومییەکان ڕۆڵەکانی کورد شەهید دەکەن و، دەیان منداڵ لە نازو خۆشەویستی باوك و دایکیان بێ بەش دەکەن و شیرازەی خێزانەکان تێك دەدەن و زەوی بە گوناح و تاوان سوور دەکەن، بڕینەوەی شەهیدانەیەك بۆ خێزانەکەی محەمەد لە لایەن وەزارەتی شەهیدانەوە کارێکی باشە، لەوەش باشتر بوونی بەزەیی و سۆزە بۆ منداڵە شەهیدەکان و یارمەتیدانیانە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان و دابینکردنی لانی کەمی پێداویستییەکانیانە، ئا لێرەدا وەزارەتیکاروباری کۆمەڵایەتی بە هاوکاری وەزارەتی شەهیدان پێویستە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی هەبێت و ڕێ نیشاندەری دووبارە ڕێکخستنەوەی شیرازەی ئەو خێزانانە بێت، کە تیرۆرستان تێکیان داوە...**